# ئةشكي ضاوم لة حةسرةتي مةرطي تؤدا ... خالَة حةمة

چركەساتێكە بێدەنگی و
بەسەرەتا كۆتایی دێ!!
بەڵام نهێنیەكانی بێدەنگی و
هاوارەكانی یەك دەنگی!
كاروانێكە
لە بوونەوە بەرێوەیە بۆ سەروەری
بەرەو قوبەی ئاسمانی شین هەڵدەزنێ.
لەئامێزی تیشك و جیلوەو تریفەوە
لەقوڵایی گەردونەوە
پێمان ئەڵێ:
چاوەكانی دەریا و زەوی
ووشك دادێ
(مەم) نەسوتێ و
(شەم) یش نەبێتە پەروانە..
پرچی سەوزی درەختەكان هەڵدەوەرێ!
عەشق نەبێتە گۆرانی و
عاشق تیانەكا هێلانە..
كوردستانیش وێران ئەبێ
گەربێدەنگی نەوروژێنێ ئەم ژیانە..
تۆش ئەی سەر قافڵەجی بێدەنگی و
شۆڕەسواری گشت هاوارێ..
ئەی كانزاكەی كوردایەتی و
هۆرەی سەر ڕێی گشت ڕێبوارێ
ڕۆحی ماندووت بە بێدەنگی
بۆ كوێوەبرد؟!
لەكام شارێ؟
لەكام جێگە؟
ڕەشماڵی تەنیاییت هەڵداوە.
لەكام ژینگە؟
لەكام ڕێگە؟
دوا پەیامی بێدەنگی خۆت
هەڵڕێژاوە..
بەدایە گەورە بڵێین چی؟؟
ئێمەی كەڕو
ئێمەی كاس و
ئێمەی بێ دەنگ!!
چاوەڕێت بووین كە بێیتەوە..
ئێمەی پاشماوەی ئەنفال و
زامی پڕسوێی هەڵەبجەكان!!!
چاوەڕێت بووین
دەروازەكەی بێدەنگی شاربترازێنی

www.kurdistannet.org
14-12-2004 20:27

دەنگەکانی ڕیفراندۆم و
سەر بەخۆیی
بەژێر باڵی بێدەنگیدا هەڵفڕێنی..
ئەو پەیامە پیرۆزەی کورد
بەگەلانی دوورو نزیك بگەێنی..
چاوەڕێ بووین
گرێکوێرەی بێدەنگیەکان بکەیتەوە
نەك بە بێدەنگ ئۆغربکەیت
ئێمەی بێدەنگ بەجێ بهێلیت..
نەیەیتەوە
نەیەیتەوە..

2004/12/13 دانمارك/ڤالبی

دروود لە گیانی ماندوی ئەو هاوڕێ دەست پاك و ڕۆح پاکەم، سەرم بۆ تەرمی پیرۆزو جێ پێیەکانی دائەنەوێنم و هاوبەشی پرسەو خەمی بنەماڵەو هاوەڵانی خەباتی دەکەم.. . خۆشم بەخاوەن خەم و پرسە ئەزانم.